ئەگەر خوای گەورە ڕەحمەتی بۆ ئومەتێک بوێت؛ ئەوا پێغەمبەرەکەیان پێش لەناوچوونی ئەوان دەمرێت، ودەبێتە شەفاعەتکار وپێشینێک بۆ ئەوان

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «وئەگەر خوای گەورە ڕەحمەتی بۆ ئومەتێک بوێت؛ ئەوا پێغەمبەرەکەیان پێش لەناوچوونی ئەوان دەمرێت، ودەبێتە شەفاعەتکار وپێشینێک بۆ ئەوان، وئەگەر خوای گەورە بیەوێت ئومەتێک لەناوببات؛ ئەوا سزایان دەدات لەکاتێکدا پێغەمبەرەکەیان زیندووە، بۆیە تیادەچن وپێغەمبەرەکەیان سەیری تیاچوونیان دەکات؛ بەهۆی ئەمەوە دڵنەوایی بە پێغەمبەرەکە دەبەخشێت چونکە ئەوان بە درۆیان خستەوە وسەرپێچی فەرمانەکانیان کرد».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: ئەگەر خوای گەورە خێری بۆ ئومەتێک بوێت ئەوا پێغەمبەرەکەیان دەمرێت وئەوان لە پاش مردنی پێغەمبەرەکە هەر دەمێننەوە، وپێغەمبەرەکە پێش ئەوان دەچێتە بەهەشتەوە ودەبێت بە شەفاعەتکار بۆیان، لە فەرموودەکەی تردا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (أنا فرطكم على الحوض) واتە: (من لە پێش ئێوە لەسەر گۆلاوەکە -حەوزەکە- دەبم)؛ بە واتایەکی تر من لە پێش ئێوە لەسەر گۆلاوی کەوسەر دەبم بۆ ئەوەی ئاوی خواردنەوەتان بۆ ئامادە بکەم. (وئەگەر خوای گەورە ئومەتێک لەناوببات، ئەوا سزایان دەدات لەکاتێکدا پێغەمبەرەکەیان زیندووە): هەروەکو ئەوەی ڕوویدا بەسەر نوح -عليه الصلاة والسلام- وقەومەکەی وپێغەمبەرانی تریش. لێرەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی میهرەبانی وڕەحمەتی خوای گەورە دەکات بەسەر ئەم ئومەتەوە، وئەویش ڕەحمەتێکە نێردراوە بۆ ئەم ئومەتە -عليه الصلاة والسلام-، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَآ أَرْسَلْنَـٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَـٰلَمِينَ} [الأنبياء: 107] واتە: {وە (ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-) تۆمان تەنها بۆ ئەوە ناردووە کە ڕەحمەت بیت بۆ جیهانیان}، وخوای گەورە پەیمانی داوە کە ئەم ئومەتە لەناو نەبات ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هێشتا زیندوو بێت لە نێوانیاندا، و لەگەڵ ئەمەشدا خوای گەورە فەزڵ وڕێزلێنانی زیاتری پێیان بەخشی، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ ۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ} [الأنفال: 33] واتە: {وە بەڕاستی خوا سزایان نادات لەکاتێک دا تۆ (ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-) لەناویاندا بیت هەروەها خوا تووشی سزایان ناکات لەکاتێکدا ئەوان داوای لێبوردن لە خوا بکەن}.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3667